# نامەیەک (١)

**ئا: سەرنووسەر**

*** نامەیەک لە ئازاد عەبدولواحیدەوە بۆ عەبدوڵڵا جەوهەر (٢)**

مامۆستا عەبدوڵڵا: ئەم کاتەت باش.

داخم گرانە کە بیستم لە نەخۆشخانە کەوتبووی (٣)، لەبەر ئەوەی سەری بەغام دابوو (٤)، نەهاتمە خزمەتت، ماوەیەکیشە یەکترمان نەبینیوە، لە یەزدانم داوایە بە زووترین کات چاک ببیتەوە (٥).

ئەم چیرۆکە بە پێزەتم خوێندەوە، زۆریش بە پەرۆشەوە خوێندمەوە (٦)، لە زۆر شوێنیدا دەوەستام، زۆرتر بیرم لێ دەکردەوە، ڕەنگە بیرەوەری تاڵی لای منیش ورووژاندبێ.

دەک دەستت نەڕزێ بۆ ئەم کوردییە بە تام و خۆشە (٧).

بێگومان بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی میللەتی کورد، لە پاڵ ئەوەی دەیەها، بگرە هەزارەها لاپەڕەی (جێی) شانازی و خوێناوی بۆ خۆی نووسیوەتەوە، چەندەها لاپەڕەی ڕەش و ناهەمواریشی گرتووەتە خۆیەوە. ڕەنگە نەوەی ئەمڕۆکەمان کە نەوەیەکی تامەزرۆیە و دوژمنیش بە زۆر ڕێگە دەیەوێ تامەزرۆییەکەی شێلوو بکات و هەستەکەی، کە هەستی پاک و دڵسۆزییە بشێوێنێ، لەبەر ئەوەی کەم ئاگای لەو لاپەڕە ڕەش و سپییانەی مێژووی خەباتی نەتەوەکەمانە، بۆیە زۆرجار تووشی عاتیفەیەکی نەخۆش دەبێ، کە بە زیان بۆ ئێمە دەشکێتەوە (٨)، بۆیە ئەگەر بێتو بە قەڵەمی چەلەنگتان ناو بەناو وەکوو ئاگادارێک لەو ڕووداوانە، بگرە وەک یەکێک کە ئیشت بۆی کردبێ (٩)، چەمکێکی ئەم خەباتە خوێناوییە، لە وێنەیەکی هونەریـ(دا) (١٠)- وەکوو ئەم چیرۆکەتان- دابڕێژن، ئەوە دەتوانن بە بەردێ دوو چۆلەکە بەردەنەوە، لەلایەک نووسینەوەی ئەم مێژووە بە تەرازوویەکی عادیلانە، کە تەرازووی ویژدان و ڕاستییە و دوورە لە هەموو بەرژەوەندییەکی تایبەتی خۆتان، جگە لە دڵسۆزی و جگەر سووتانتان نەبێ بۆ مەسەلەی نەتەوایەتیمان، کە بە دەس(ت) بازرگانانەوە (١١) لە زۆر ڕووەوە شێوێنراوە. دووەم بە ڕۆشنایی خستنە سەر ئەم لایەنانە و داڕشتنی لە قاڵبی چیرۆکی ئاوەها (دا)، کە خوێنەرانی کوردمان بە تاسەوە حەزی لێ دەکەن و بێزوو بەو جۆرە شێوەیە دەکەن، زیاتر لە مێژوو و ڕووداوەکانیان نزیک دەکەیتەوە و بە دڵ و گیانیانەوە دەنووسێ و پەندی لێ وەردەگرن (١٢)


پیرۆزباییتان لێ دەکەم، یاخوا تەمەنتان هەر درێژ بێت و بژین.

**دڵسۆزتان**

**ئیمزا**
**ئازاد عەبدولواحید**
**سلێمانی ١٩٨٢/٣/١٤**

**پەراوێزەکان:**

(١) من کە زۆر لە م. عەبدوڵڵا جەوهەر-ەوە نزیک بووم، دەتوانم بڵێم یەکێک بووم لەوانەی ڕۆژانە لە چاپخانەی شەعب دەمەدی و پێکەوە دادەنیشتین، دوای دانیشتن و قسە و گفتوگۆی زۆر، دەکەوتینە پیاسەکردن، بە دەم پیاسەکردنەوە بەرەو شەقامی تووی مەلیک دەڕۆیشتین، گفتوگۆ و قسەکانمان هەر لەسەر ڕووداوەکانی ڕۆژ و ئەدەبیات و مێژوو و سەرگوزەشتەکانی ڕابوردوو بوو، زۆر ڕۆژیش بۆ نانی ئێوارەکەی، لە چێشتخانەکەی (عەلی سوور) لامان دەدا، کە ئەو پێی دەگوت لۆقنتەخانە، لەوێ پێکەوە نانی ئێوارەمان دەخوارد. م. عەبدوڵڵا جەوهەر کەسێکی زۆر کەم دوو بوو، بەڵام زۆرتر لەگەڵ من و م. عومەر مارف بەرزنجی زمان و دڵی دەکرایەوە و قسەی دڵی خۆی بۆ دەکردین، چونکە زۆر متمانەی پێمان هەبوو. لە قسەکانیدا زۆر کەم باسی ڕابوردووی خۆی و نووسینەکانی دەکرد، من و م. عومەر مارف بەرزنجی بە سرنج لە بارەی خۆی و نووسینەکانی قسەمان لێ دەردەهێنا، قەت حەزی نەدەکرد خۆی دەربخا، بۆیە ساڵانی زووش بە ناوی خوازراو و بە پیت بابەت و نووسینەکانی خۆی لە ڕۆژنامەکانی: (ژیان) و (ژین) و گۆڤاری گەلاوێژ بە (ع) و (ع.ج) و (ع. جەوهەر) و (ع. چالاک) بڵاوکردبوونەوە، کە پرسیارێکم لێی دەکرد، یەکسەر بە (ئا) و (بەڵێ) وەڵامی نەدەدامەوە، بگرە نەرمە زەردەخەنەیەکی دەکرد، کە ئەو زەردەخەنەیە نیشانەی (بەڵێ)یەکە بوو. دوو – سێ ڕۆژێک لەسەر یەک، کە لە چاپخانەی شەعب دەمبینی، وەکوو ڕۆژانی ڕابوردوو ئاسایی نەدەهاتە پێش چاوم، گرژی و ماتییەک باڵی بەسەر ڕوخساریدا کێشابوو، کە لێم دەپرسی ماموستا بۆچی بێتاقەتی؟ یان پێم دەگوت خۆ خوانەخواستە نەخۆش نیت؟ دەیگوت شتێکی وا نییە، تا دواجار بە قسە هات و گرێی دڵی خۆی بۆ کردمەوە، هۆکاری گرژی و بێتاقەتییەکەشی بۆ درکاندم. پێی گوتم: چیرۆکێکی خۆم هێناو دامە فلان و فلان و فیسار، «ئەوە ناوی ئەو چیرۆکنووسانە بوون، کە هاتوچۆی چاپخانەی (شەعب)یان دەکرد»، پاش ئەوەی چیرۆکەکەمیان خوێندبووەوە، هەموویان وەک بڵێی لەناو خۆیاندا ڕێک کەوتبن، وەڵامێکی زۆر ڕەق و ناخۆشیان دامەوە، پێیان گوتم ئەوەی نووسیوتە چیرۆک نییە، پێشیان گوتم تۆ چیت داوە لە چیرۆکنووسین؟ یان تۆ هیچ لە تەکنیکی چیرۆک نازانی. دوای ئەو سکاڵا کردن و گلەییانە، گوتی تۆ کەسێکی خوێندەواری، ئاگام لێتە چیرۆک و ڕۆمانی زۆر دەخوێنیتەوە، چیرۆکەکەت بۆ دەهێنم بیخوێنەرەوە، بزانە چۆنە؟ دەمەوێ ڕاشکاوانە بیرورای تۆ لە بارەیەوە بزانم. من بە قەزاوەتی تۆ ڕازیم، ئەگەر چیرۆکێکی خراپە، ئەوە پشتگوێی دەخەم. هەرواشی کرد، بۆ بەیانییەکەی


ماموستا عەبدوللا :
ئەم کاتەت باش .
داخم گرانە کە بیستم لە نەخۆشخانە کەوتووی . لەبەر ئەوەی
سەری بەغام دابوو ، نەهاتمە خزمەتت .
نەبینیوە . لە یەزدانم داوایە بە زووترین کات چاک ببیتەوە .
ئەم چیرۆکە بە تێرەتم خوێندەوە . زۆریش بە پەرۆشەوە
خوێندمەوە . لە زۆر شوێنیدا دەوەستام . زۆرتر بیرم
لێ دەکردەوە . رەنگە بیرەوەری تاڵی لای منیش وروژاندبێ .
دەڵێ دەستت نەرزێ بۆ ئەم کوردییە بە تام و خۆشە .
بێگومان بزووتنەوەی رزگاری خوازانەی میللەتی کورد ، لە پاڵ ئەوەی
دەیەها ، بگرە هەزارەها لاپەڕەی شانازی دەخوێنەوە بۆ خۆی
نووسیوەتەوە . چەندەها لاپەڕەی ڕەش و ناهەمواریشی گرتوەتە
خۆیەوە .
[illegible]

کە لە چاپخانەی شەعب یەکترمان بینی، چیرۆکەکەی خۆی کە ناوی نابوو (خۆیان سێدارەیان نەبوو) بۆ هێنابووم، کە پێشتر برادەرە چیرۆکنووسەکان بە بیانووی ئەوەی تەکنیکەکەی لاوازە، لچولێویان لێ هەڵقورتاندبوو، کاتێ دایە دەستم، دیسان پێی وتمەوە (بیخوێنەرەوە، چونکە بیروڕای تۆم لە بارەیەوە بەلاوە مەبەستە). ماوەیەک چیرۆکەکەم لەلا بوو، کە بەسەردا نەخۆش کەوت و خوشکەزاکانی بردیانە بەغدا و هێنایانەوە، دیار بوو دوا مانگەکان و ڕۆژەکانی ژیانی بەسەر دەبرد، من پەیامەکەم (بەشێوەی نامە)، لە ١٩٨٢/٣/١٤ لە لاپەڕەیەکی پشتی دەفتەرەکە بۆ نووسی، ئەو لە ١٩٨٢/٦/١ کۆچی دوایی کرد، واتە نامەکەی من پێش مردنی بە (٢) مانگ و (١٧) ڕۆژ نووسراوە، بۆیە پێش مردنی، (کامیلی حاجی دەروێش)ی خوشکەزای هاتە لام، من ئەوکاتە فەرمانبەری مووزەی ئیتنۆگرافی- فۆلکلۆری بووم، هەموو ئەوەی دوکتۆرەکانی بەغدا بۆیان کردبوو، ئەوەی لەوێ ڕووی دابوو، لە نووکەوە بۆ گێڕامەوە، کە بە داخەوە دوای ئەوەی دوکتۆرەکان نەخۆشییەکەیان دەستنیشان کردبوو، لە چارەسەر و چاکبوونەوەی بێهیوا بووبوون و ئیزنیان دابوو.

(٢) م. عەبدوڵڵا جەوهەر، ناوی تەواوی (عەبدوڵڵای تۆفیق ئاغای جەوهەراغای سلێماناغای مێوڵی)یە، لە ساڵی ١٩٢٠، لە ئاوایی مێوڵی، لە ناوچەی قەرەداغ لە دایک بووە. تاقانەی دایک و باوکی بووە، سێ خوشکی هەبووە (ئەجیە، قومری، نەسرین)، کە هیچیان لە ژیاندا نەماون. لە قوتابخانە ئەهلییەکانی ئەو سەردەمەدا خوێندوویەتی، بە پێچەوانەی ئەو عورف و نەریتەی لەو سەردەمەدا لەناو کوردەواری باو بوو و لە ناو خێزانەکاندا ئەوە پەیڕەو دەکرا، کە منداڵەکانیان دەخستە بەر خوێندنی حوجرەوە، بۆیە لەو قوتابخانانەدا توانی پلەکانی خوێندن ببڕێ، تا گەیشتبووە قۆناغی ئامادەیی، لەبەر ئەوەی لە سلێمانی ئامادەیی نەبووە، بۆیە بە مەبەستی تەواوکردنی ئەو قۆناغە، لە ساڵی ١٩٣٨ ڕوو دەکاتە شاری کەرکووک، هەر لەو ساڵەدا، لەوێ لەگەڵ دڵدار و نووری شاوەیس و چەند کەسێکی دی ئاشنایەتی پەیدا دەکا و لە دامەزراندنی کۆمەڵەی (دارکەر)ی قوتابیاندا بەشدار دەبێ. لە ساڵی ١٩٣٧ بە پشتیوانیی پیرەمێردی شاعیر، نامیلکەی (ئاوات)، لە چاپخانەی ژیان چاپ دەکات، بەڵام بەهۆی ڕاپۆرتی ناحەزانەوە، نامیلکەکە دەستی بەسەردا دەگیرێ و ناهێڵن بڵاوببێتەوە. م. عەبدوڵڵا جەوهەر لە تافی لاوێتیدا حەزی لە کچێک کردووە، بەڵام بۆ یەکدی نەبوون، دوای ئەوە بڕیار دەدا بە سەڵتی بژی، لەپاش خۆشەویستی ئەو کچە، بیری ژنهێنان لەسەری خۆی دەردەکا. ڕۆژی سێ شەممە، ڕێکەوتی ساڵی ١٩٨٢/٦/١، بە نەخۆشی شێرپەنجەی گەدە، لە شاری سلێمانی ماڵئاوایی لە ژیان و کەسوکار و هاوڕێیانی کرد.

(٣) کامیلی حاجی دەروێشی بەقاڵ، کە هاتە لام بۆ مووزەی ئیتنۆگرافی- فۆلکلۆری و پرسیاری تەندروستی و نەخۆشییەکەی مامۆستام لێکرد، گوتی لە بەغدا کە لە نەخۆشخانە خەواندیان، بەهۆی ئەو خوێن بەربوونەی گەدەیەوە، ڕۆژانە بە بەردەوامی دوو- سێ دوکتۆری نەخۆشخانەکە بەسەرییەوە بوون، جارێکیان لە نێوان خۆیاندا بە زمانی ئینگلیزی باسی نەخۆشییەکەیان کرد، کە تووشی شێرپەنجەی گەدە هاتووە و چارەسەرکردنی زۆر ئەستەمە. م. عەبدوڵڵا جەوهەر ئینگلیزییەکی زۆر باشی دەزانی، ئەو کاتە فەرهەنگی کوردی- ئینگلیزی دانابوو، کە گوێی لە قسەکانیان بووبوو، سەری لەقاندبوو، یاوەرەکانی (خوشکەزاکانی) ڕووی دەمیان کردبووە دوکتۆرەکان و پێیان گوتبوون: بۆچی ئەو قسەیەتان لەبەردەمی خۆی کرد، ئاخر ئەو قسانەتان کاریگەریی زۆر خراپی بەسەر ورەی ئەوەوە دەبێ. دوکتۆرەکان گوتبوویان ئێمە بە زمانی ئینگلیزی قسەمان کردووە، بۆ ئەو پیاوە ئینگلیزی

دەزانی؟ لە وەڵامدا گوتبوویان ئینگلیزییەکی زۆر باش دەزانێ، ئەوانیش گوتبوویان جا ئێمە چوزانین ئەو بەو کڵاو و جامانەیەوە، ئینگلیزی دەزانێ، (شمعرفنا هذا أبوالچراویة یعرف انگلیزي).

(٤) ئەو ساڵانە بۆ بینین و پێوەندی کردن بە کەسانی نزیک لە شێخ نووریی شێخ ساڵح و بینینی کەسایەتییەکان، زوو زوو سەردانی بەغدام دەکرد، لەوێ مامۆستایان: عەلائەددین سەجادی، مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، عەبدولقادر قەزاز، د. ئیبراهیم حیلمی فەتاح، عەبدولڕەحمان موفتی (شێرۆ) و زۆر کەسی دیم دەبینی.

(٥) نەخۆشییەکەی شێرپەنجەی گەدە بوو، تووشی خوێن لەبەرچوونی گەدە هاتبوو، کە بە پەلە و پەل و خێرا خوشکەزاکانی بردبوویان بۆ لای دوکتۆرەکانی بەغدا، دیار بوو نەخۆشییەکە بەلەشیدا تەشەنەی کردبوو، بۆیە ژیانی لە مەترسیدا بوو، هیچ هیوایەکی چاکبوونەوەی لێ نەدەکرا.

(٦) دوای ئەوەی ئەو چیرۆکەی خۆی دابووە چیرۆکنووسەکانی سلێمانی، کە هاتوچۆی چاپخانەی (شەعب)یان دەکرد، ئەوان زۆر بە زبری و بە وشکی وەڵامیان دابووەوە، دیار بوو قسەکانی ئەوان زۆر سەخڵەتیان کردبوو و لە دڵی گرانبوو، بۆیە زۆر کاری تێکردبوو. ئەوان کە دڵیان شکاندبوو، دواتر بە منی گوت تۆ وەک خوێندەوارێک حەز دەکەم چیرۆکەکەم بخوێنیتەوە و بە ڕاشکاوی بیروڕای خۆتم پێ بڵێی، بۆیە من ئەو نامەیەم بۆ نووسی، بۆ مێژوو بە نووسین بیروڕای خۆم لە بارەیەوە دەربڕی، نامەکە لەناو دەستنووسەکانی بوو، بۆ یەکەم جار لە بڵاوکراوەی ڕۆڤار، ژمارە ٧٤، لە ئایاری ٢٠١٣دا بڵاوکراوەتەوە.

(٧) پێش هەر شتێک، پێش ئەوەی باسی ئەوە بکرێ کە چیرۆکەکە بنەما هونەرییەکانی گێڕانەوەی تێدا ڕەچاو کراوە، یان نا، چیرۆکەکە هونەرییە، یان هونەری نییە، ڕاستییەکەی ئەو کوردییەی پێی نووسرابوو زۆر بەلامەوە سەرنجڕاکێش و گرنگ بوو، لەناو چیرۆکنووسەکانی سلێمانی، زۆر بە دەگمەن کوردیزانی وایان تێدا هەڵکەوتبوو.

(٨) لە نامەکەدا هانم داوە، بەهۆی ئەو ئەزموون و تاقیمانە زۆرەی هەیەتی، لە چیرۆک و نوڤلێت و ڕۆمانەکانیدا، قەڵەمەکەی بۆ سوود وەرگرتن لەو ڕووداو و بەسەرهاتانە تەرخان بکات، کە لە ژیانی خۆیدا بیستوونی و بینیونی و لەناویاندا ژیاوە، تا ببنە پەند و وانەیەک بۆ وەچەی ئەوسا و داهاتوو، سوود و عیبرەتی لێ وەربگرن.

(٩) لە نامەکەدا گوتوومە: (ئەگەر بێتو بە قەڵەمی چەلەنگتان، ناو بە ناو وەکوو ئاگادارێک لەو ڕووداوانە، بگرە وەک یەکێک (لەوانەی) ئیشت بۆی کردبێ)، م. عەبدوڵڵا جەوهەر هەر لە تافی لاوێتییەوە تێکەڵاوی ژیانی سیاسیی ئەو ڕۆژگارە بووە و وەک نەتەوەییەکی پاک و دڵسۆز کاری کردووە، لەگەڵ ئەوەشەوە خەریکی خوێندنەوە بووە، لە پاڵ خوێندنەوەکەشییەوە، وردە وردە خەریکی نووسین بووە. یەکەم جار شیعری نووسیوە، وەک نەریتی هەموومان و سەرەتاکانی زۆربەی هەرە زۆری نووسەرانی کورد، ئەویش بە شیعر دەستی پێکردووە، دواتر ئەو شیعرانەی لە دووتوێی نامیلکەیەکدا بەناوی (ئاوات) کۆکردووەتەوە و بردوویەتی بۆ چاپخانەکەی پیرمێرد، پیرەمێردیش وەک پیرێکی شارەزا لە ئەدەبیات، دەستی گرتووە و بۆ هاندانی ئەو لاوە تازە پێگەیشتووە، نامیلکەکەی بۆ چاپ کردووە.

(١٠) کە داوام لێکردووە چیرۆک لە ئەزموون و تاقیمانەی خۆیەوە هەڵێنجێ، ئەوەشم لەبیر نەکردووە کە پێی بڵێم (لە وێنەیەکی هونەری)دا دایڕێژێ، واتە ئەو بیروڕایەی ئێستا هەمە، ئەوساش هەر هەمان بیروڕام هەبووە، لەوەی (بابەت) هەرچی بێ، با ببێ و بنووسرێ، بەڵام کە خرایە ناو چوارچێوەیەکی هونەرییەوە، ئەوە نرخ و بەهای هونەریی خۆی دەبێ و لەلایەن ڕەخنەگر و خوێنەرە شارەزا و وریاکانیشەوە

پێشوازی باشتری لێ دەکرێ.

(١١) دیارە کوردی بەدبەخت و چارەڕەش، لە هەموو چەرخ و ڕۆژگارێکدا، کەسانێکی تێدا هەڵکەوتووە، کە بازرگانییان بە مەسەلە ڕەواکەیەوە کردووە و لە سەنگەری دوژمنەوە، لە پێناوی بە دەستهێنانی پارە و پووڵ و گەیشتن بە بەرژەوەندیی بەرتەسکی خۆیان، سێرەیان لە بەرژەوەندییەکانی نەتەوەکەمان و ئاییندەکەی گرتووە، بۆیە تا ئەمڕۆش بە ئامانجە گەورە و ستراتیژییەکانمان نەگەیشتووین.

(١٢) م. عەبدوڵڵا جەوهەر وەک کەسێکی ڕاستگۆ، کوردێکی پاک و دڵسۆز و خەمخۆر، پێم باش بووە ئەو بیرۆکە و زانیاری و مێژووەی لەلایەتی، لەناو ئەدەبیاتدا (بە تایبەتی لەناو هونەری گێڕانەوەدا) بەرجەستەیان بکات، تا بەو زمانە ڕەسەن و کوردییە پاک و ڕەوان و شیرینەی خۆی بیگەیەنێتە خوێنەران و چێژی لێ وەربگرن، کە بێگومانم ئەوانیش دەکەوتنە ژێر کاریگەرییەکەی و جێدەستی بەسەریانەوە بەجێدەهێشت، ئەو کاتە نووسینی ئەو جۆرە ئەدەبیاتەش دەچووە قاڵبی ئەدەبیاتی (بەرەنگاربوونەوە- مقاومەت) کە هەستی نەتەوایەتیی تاکەکانی پێ زاخاو دەدرا.

(١٣) من یەکەم کەس بووم، دوای مردنەکەی وتارێکم بە زمانی عەرەبی لە بارەوە نووسی، ئەو لە ١٩٨٢/٦/١ کۆچی دوایی کرد، من لە ١٩٨٢/٦/٩ وتارەکەم لە بارەیەوە نووسی، بۆیەش بە زمانی عەرەبی نووسیم، تاکوو عەرەبی خوێنەکانیش پێی ئاشنا بن و باشتر بیناسن، دوای نووسینی وتارەکە، یەکسەر بۆ گۆڤاری (کاروان)م نارد، کە لە هەولێر دەردەچوو و حسەین عارف سەرنووسەری بوو، کە سەیرم کرد زۆری پێ چوو و هەر بڵاو نەکرایەوە، لە پاش عەیامێک داوام لە حەمەمین پێنجوێنی کرد، کە ئەوسا لە گۆڤارەکەدا کاری دەکرد، سۆراخێکی وتارەکەم بۆ بکا، ئەگەر بڵاویش ناکرێتەوە، نووسینەکەم بۆ بهێنێتەوە، چونکە ئەوەی لەلام مابوو، ڕەشنووسەکەی بوو، ئەوە بوو بۆی هێنامەوە سلێمانی و لە چاپخانەی شەعب، بە بەرچاوی برادەران و بە ئاگاداری ئەوان دایەوە دەستم. پێم گوت نەتزانی بۆچی بڵاویان نەکردەوە، پێیان نەگوتی هۆکاری بڵاونەکردنەوەکەی چی بوو؟ ئەو گوتی بەرپرسی گۆڤارەکە دەڵێ (ئازاد کەسی نەدۆزیوەتەوە لەسەری بنووسێ، ئەو ڕەجعییە نەبێ)! دوای وەرگرتنەوەی وتارەکەم و ساردبوونەوەم، دوای ماوەیەکی زۆر، ئەو جارە وتارەکەم بۆ ڕۆژنامەی (العراق) نارد، دواتر بە ناوی: (الاستاذ عبدالله جوهر، الانسان والادیب)، لە ژمارە ٢٦١٢، لە ٣ی ئەیلوولی ١٩٨٤، لە لاپەڕەی (ڕۆشنبیریی کوردی)دا بڵاوکرایەوە. ئومێد ئاشنا کە بۆ نووسینی وتارێکی خۆی، زۆر سوودی لە وتارەکەی من وەرگرتبوو، لە پەراوێزی وتارەکەیدا نووسیویەتی: (تا ئێستا تەنها کاک ئازاد عەبدولواحید، وتارێکی لە ڕۆژنامەی (العراق) دا لەسەر نووسیوە)، بڕواننە گۆڤاری نووسەری کورد، ژمارە ٢، خولی سێیەم، ئابی ١٩٨٥، هەروەها لە ساڵی ١٩٨٥، لە یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی سلێمانی، کۆڕێکم بۆ ڕێکخست و یادێکی شایان بە خۆیمان بۆ کردەوە، لەوێش کۆڕەکەم بەڕێوە برد و وتارێکم هەبوو. دوای ڕاپەڕینیش کە لە تەلەڤزیۆنی (Ktv)ی سلێمانی، بەرنامەیەکی ئەدەبی و ڕۆشنبیریم بەناوی (ئەستێرەکانی کۆمەڵی کوردەواری) هەبوو، بە تێروتەسەلی یادم کردەوە و بەرنامەیەکی (١) سەعاتیی تایبەتم بۆ تەرخان کرد، هەر بۆ قسەکردن لە بارەیەوە (عەلی ساماغا)م وەک میوانی بەرنامە هێنا، بۆ ئەوەی لە بارەی عەبدوڵڵا جەوهەری هاوبیرییەوە قسە بکا، چونکە ساڵانێک هاوڕێی زۆر نزیکی بوو، ئەوان لەسەردەمی (کاژیک)ەوە دوو کەسی نەتەوەیی هاوبیروباوەڕ بوون.